# کۆڕەو، ڕووداوێک ، دوو هەلویست و دوو سیاسەت!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@tiscali.co.uk

**کۆرەو، یاداوەری 14 سال لەمەوبەری ئاوارەیی ملیۆنی خەلکی کوردستانە، بۆ سەر سنورەکانی عیرا ق و وولاتەکانی ئیران و تورکیا، کەلەمیژووی ناوچەکەدا پرناسۆرترین و گەورەترین کارەساتی ئاوارەیی خەلکی بوو، کەکاردانەوەیەکی جیهانی گەورەی هەبوو، کە خەلکی کوردستان بە خوین و گۆشت و ماندویی کارەساتی جەرگبر بەدەستی رژیمی هاری بەعس ئەمەشیان تەجروبە کرد. ئەوەی لەیادی ئەم کارەساتە جەرگ برەدا گرنگە دوو خالی بەرچاوو بوو:**

**یەکەم: خودی کۆرەوی ملیۆنی خەلکی کوردستان، نابوو بۆ رژیمی بەعس، کەخەلك پاش پاکردنەوی کوردستان لەو رژیمە درەندەیەو هاوکارانی بەعس، ئامادەیی ئەوەیان نەبوو کەلەژیر سایەی ئەو رژیمەدا بمیننەوەو ژیان بکەن، واتە خەلکی ئەوەندە نەفرەت و بیزاریان لەسیاسەت و کردەوەی رژیمی بەعس هەبوو ئیتر نەیان دەتوانی پاش ئەوەی کەماوەیەکی ئەگەرچی کورتیش بوو خۆیان لەکۆت و بەندەکانی، لەزیندان و ترس و دلەراوکی صدام و رژیم و دارودەستەکەی پاك کردبۆوە ئیتر بمیننەوە جاریکی سەر بۆ سیاسەتەکانی دانەوینن، ئەوەبوو خەلکی کوردستان بەعەمەلیش ئەوەی کرد کاتیك لەئاوارەیی گەرایەوە ئەگەرچی دەسەلاتداریتی هاوبەشی هیزەکانی ئەحزابی کوردی و رژیمی بەعس هەبوو لەشارەکان، بەلام خەلك جاریکی کە را پەریەوەو کوردستانیان لەهیزەکانی رژیم پاك کردەوە، ئەگەرچی هیزەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی هاوشانی هیزە داتەپیوەکانی رژیمی بەعس ویستیان هیزبهیننەوە بەبەری ئەو رژیمە دارزیوە و بەهەردوو لادەکەوتنە سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەلك، بەلام خەلك گوێی بەهیچ لایەکیان نەداو جاریکی کە ئەو هیزە فاشیانەیان لەکوردستان وەدەرنا.**

**خالی دوەم: دوو رۆژ پیش ئاوارەیی دوو هەلویست و دوو سیاسەت بەزەقی رەچاو کرا، دوو رۆژ پش کۆرەوەکە حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکان خۆیان بۆ دەرچون لەشارەکان ئامادەکردبوو، ئەوەبوو مقەرات و بنکەو شوینە سەرەکیەکانیان کەپیداویستی حزبەکانیانی تیابوو هەموو کۆکردەوەو شاریان چۆل کردوو بەرەو ناو سنورەکان رۆیشتن و هیچ هەلویستیك و سیاسەتیکیان لەبەرامبەر خەلکی کوردستاندا نەنواندو گرنگ ئەوەبوو زوو خۆیان دەرکەن، وەك ئەوەی کەپیش وەخت ریکەوتنیك لەسەر ئەمە هەبوو بیت، کە ئەبیت شارەکان چۆل بکەن بەبی هیچ هەولویست و بەرگریەك دەرگای کوردستان بۆ هیزە تیکشاوەکەی رژیمی بەعس ئاوەلا بکەن، کە هیچ کات لە میژووی زیاتر لە20 سالەی ئەوکاتی رژیمی بەعسدا ئەوەندە لاوازو ماندوو نەبوو، هیچ کات بەقەد ئەوکات خەلکی کوردستان داخ لەدل و پل لەمقاومەت نەبوون لەبەرامبەر هیزەکانی رژیمی بەعس. ماوەیەکی کورت بوو خەلك بەهیزی خۆیان هیزەکانی رژیمیان لەکوردستان وەدەر نابوو.**

**بەلام سیاسەتی ئەمریکا رۆشن بوو بۆ هیشتنەوەی رژیمی بەعس لەوکاتداو ریکەوتنی ئەمریکا بوو بیت لەگەل هیزەکانی بەعس و دەکردنی ئەوامریش بوو بیت بۆ هیزەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی کەناوچەی ئارام دروست دەکریت و کوردستان بەردەکەویت و ئەمریکا ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی دەکاتە پاسەوانی کوردستان تا شتەکانی لەگەل رژمیی بەعس یەکلا دەکەنەوە.**

**بۆیە لەو روداوە کارەستبارەدا، خەلکی کوردستان بەگشتی و شوراکانی خەلك کەهیزە کۆمۆنیست و چەپ و کەسانی ئازادیخوازەکانی دەگرتەوە، هەلویستیکی ترو سیاسەتیکی تریان هەبوو کەجیا بوو لەهەلویست و سیاسەتی حیزبە ناسیونالیستە کوردیەکان، لەکاتکیدا ئەم حزبە کوردیانە ئیرادەیان بۆخەلکی کوردستان نەهیشتبۆوە، خەلك دەیویست بمیننەوەو مقاومەت بکەن، شوراکان هیزەکانی خەریکی ریکخستنی سەراسەری و کۆکردنەوەی هیز بوو بۆ مقاومەت و نەهیشتنی گەرانەوەی هیزەکانی رژیمی بەعس، وە مقاوەتیشیان کرد، بەلام ئەوەی کە هیزەکانی حزبە کوردیەکان خۆیان بەهیزی گەورەی چەکدارو دەمراستی خەلك لەقەلەم دابوو، هەر زوو شارەکانیان چۆل کردبوو، وە بەتازەترین وسائیلەکانی نقل کەس و کارو مال و مقەرەکانیان رەوانەی دەرەوەی شارەکان و سنورو ناو ئیران کردبوو، وە خەلکیان بی ئیرادە لەبەرامبەر ئەو وەزعەدا راگرتبوو، لەکاتیکدا کەبەخەلکت دەوت مەرون، بمیننەوە با مقاومەت بکەین، لەکاتیکدا ئەفرادو سەرانی حزبەکانی تری جیا لەیەکیتی و پارتی ئەبینراو دەوترا مەرون و با مقاومەت بکەین، هەموو دەیانوت کە یەکیتی پارتی شاریان چۆل کردوەو ئەوان ناتوانن مقاومەت بکەن، ئیمە چی؟ ئەوان هەموو هیزی خۆیان لەدوو رۆژ لەمەو بەرەوە کۆکردەوەو لەشارەکان وەدەرناوە، بۆیە ئەوان بریاری خۆیان دابوو، ریکەوتنی خۆیان لەپیشەوە کردبوو، سیاسەت و هەلویستی خۆیان دیاری کردبوو، تەنیا شیتکیان کە بۆ خەلکی کوردستان بەجی هیشتبوو، بی ئیرادەکردن و ترسان و راکردن بوو، بۆیە ئەوان بەشیك بوون لەکارەساتی کۆرەوی میلۆنی و روداني دەیان تراژیدیای ئینسانی.**

لەگەل گەورەیی کارەساتی ئاوارەییەکەدا، بەلام دەرس و تجروبەی خەلك ئەوە نیە تەنیا باسی ئەم یادە بکریت لەبەر ئەوەی یادی کارەساتیکی زۆر جەرگ برە، بەلکو خەلکی کوردستان ئەوەیان دەویت کەچۆن ئەم کارەساتە دوو بارەو سیبارە نەبیتەوە، ئەویش بەوەی خەلکی کوردستان لەدەرەجە دوویی نەجاتی بیت و خەلك لەکوردستاندا چارەنوسی خۆی خۆی دیاری بکات لەریگای جیابونەوەی کوردستان و حکومەتیکی دلخوازی خۆیانەوە، خەلك ئەوەی ئەویت کەلەئاستی عیراقدا دەرەجە دوو نەبیت و نەکەویتەوە ژیر سایەی رژیمیکی قەومی و دینیەوە، خەلك ئەوەی ئەویت کە چی تر ئەحزابی کوردی یاری بەچارەنوسیان نەکات و لەسەر حسابی مافەکانی خەلکی کوردستان بازرگانی نەکەن، ئەمە مانایەکی واقعی یاداوەری ئەو ئاوارییە.